# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٨١)ساڵی بیست و یەکەم     ٢١ نیسان ٢٠٢٢ ز.     ١ گوڵان ٢٧٢٢ی کوردی     ٢٠ ڕەمەزان ١٤٤٣ کۆچی

**281**



**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢** ل ١

یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢** ل ٦

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١

**بڕیاری ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی دادوەری** ل ٧

پێکهێنانی دادگای گومرگی

**بڕیاری ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی دادوەری** ل ٨

دیاریکردنی ڕۆژی (١٦ی کانونی دووەم) وەك ڕۆژی دادوەری لە هەرێمی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی دادوەری** ل ٨

تایبەتە بە هەڵوەشانەوەی دادگای تاوانەکانی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ٩

هەژمارکردنی باج بۆ گرێبەستەکانی نێوان لایەنی گرێبەستکاری عێراقی و بیانی

**ڕێنمایی ژمارە(٢) ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ١٢

تایبەت بە مۆڵەتی ڤێتێرنەری بۆ کارگەکانی دروست کردنی قیمەی گۆشت و بەرووبوومەکانی

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ل ١٨

ڕێنمایی پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار** ل ٢٠

هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی (سەرچنار)

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** ل ٢١

دانانی لۆگۆی تایبەت بە (وەزارەتی داد)

**بەیانی ژمارە (٤ و ٦ و ٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** ل ٢٢

**بەیانی ژمارە (٩ و ١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٣

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢٤

**بەیانی ژمارە (٧ - ٨ - ٩ - ١٠ - ١١ - ١٢ - ١٣ - ١٤ - ١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٥



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٨١) الحادي والعشرون | ٢١ نيسان ٢٠٢٢م. | ١ گولان ٢٧٢٢ك. | ٢٠ رمضان ١٤٤٣ هـ.

281

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



**قانون رقم (١) لسنة ٢٠٢٢** ص ٢٧

قانون الحفاظ على الوثائق الوطنية في إقليم كوردستان - العراق

**قانون رقم (٣) لسنة ٢٠٢٢** ص ٣٢

قانون التعديل الأول لقانون وزارة الكهرباء في إقليم كوردستان ـ العراق رقم (٦) لسنة ٢٠٢١


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**قرار رقم (١٩ و ٢٠ و ٢٢) لسنة ٢٠٢٢ مجلس القضاء** ص ٧

**تعليمات المالية رقم (٧) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية و الأقتصاد** ص ٩

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الزراعة و الموارد المائية** ص ١٢

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة البلديات و السياحة** ص ١٨

**بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة البلديات و السياحة** ص ٢٠

**قرار لسنة ٢٠٢٢ وزارة العدل** ص ٢١

**بيان رقم (٤ و ٦ و ٧) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العدل** ص ٢٢

**بيان رقم (٩ و ١٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية** ص ٢٣

**بيان رقم (٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٤

**بيان رقم (٧ - ٨ - ٩ - ١٠ - ١١ - ١٢ - ١٣ - ١٤ - ١٥) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ٢٥



No: 281 Date: April 21, 2022 Vol: 21



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٧)ی سـاڵی ٢٠٢٢**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی رۆژی ٢٠٢٢/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**

بـۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە، زاراوە و دەسـتەواژەکانی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:

**یەکەم**: **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم**: **وەزارەت**: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێم.

**سێیەم**: **وەزیر**: وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێم.

**چوارەم**: **ناوەند**: ناوەندی بەڵگەنامەی نیشتمانی هەرێم.

**پێنجەم**: **بەڵگەنـامە**: هەمـوو دەفرێکـی پاراسـتنی زانیـاریی، پەڕاویـی و ئەلیکترۆنـی و فۆتـۆگرافی و دەسـتخەت و هەرداهێنـانێکی کـۆن و تـازەی لەمەودواش، نـامەگۆڕینەوە و تۆمـار و نەخشـە و وێـنەی ڕوونـکەرەوە و هێڵکـاری و هەرشـتێکیش مـوڵکێکی سـەلمێندراوی تێـدا جێگیرکرابـێ، دەگرێتەوە.

**شەشەم**: **ئەرشیفکردن**: کۆمەڵێک تەکنیک و ڕێوشوێن و شێوازە بۆ کـۆکردنەوە، پاراسـتن، ڕێکخسـتن و خستنەوەبەردەستی بەڵگەنامەکان بۆ سوودی زانستی و گشتی.

**حەوتەم**: **بەڵگەنـامەی گشـتی**: بەڵگەنـامەی پەیوەندیـدار بە چالاکییەکـانی دامەزراوە فەرمییەکـانی هەرێم، لایەنی تایبەتی ڕاسپێردراو بە خزمەتی گشتی، حکومەتەکانی پێشووی دەوڵەتـی عێـراق لە کوردستان، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و هەر بەڵگەنامەیەک لە عێراقدا پەیوەندیـدار بێـت بە خاک و گەلی کوردستان و ئەو بەڵگەنامە تایبەتانەی ناوەند بەدەستیان دەهێنێـت و خەسـڵەتی گشتییان پێدەبەخشێت، دەگرێتەوە.

**هەشتەم**: **بەڵگەنـامەی تـایبەتی**: ئەو بەڵگەنامـانەیە، کە خاوەنـداریەتی بـۆ کەسـێکی سروشـتی یـان مەعنەوی دەگەڕێتەوە و خەسڵەتەکانی بەڵگەنامەی تێدایە.

**ماددەی (٢):** ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

**یەکەم:** کۆکردنەوە و پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامەکانی گەلی کوردستان بەشێوەیەکی زانستی.

**دووەم:** بەدەستخستنی ئەو بەڵگەنامانەی تایبەتن بە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و پەیوەندیدارن بە خاک و گەلی کوردستان.

**سێیەم:** بەدەستخستنی وێنەی ئەو بەڵگەنامە بیانییە ئەرشیفکراوانەی پەیوەندییان بە مێژووی گەلی کوردستانەوە هەیە.

**چوارەم:** ڕێکخستنی بەڵگەنامەکان بەمەبەستی سود لێوەرگرتنیان وەک سەرچاوەی زانستی.

**پێنجەم:** پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامەی دامەزراوەکانی یاسادانان، جێبەجێ کردن، دادوەریی و دەستە سەربەخۆکان کە بایەخی مێژوویی و زانستیان هەیە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** ناوەندێک لە هەرێمی کوردستان بەناوی (ناوەندی بەڵگەنامەی نیشتمانی هەرێمی کوردستان - عێراق) دادەمەزرێت، و خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوییە و بەپێی یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١١ سەر بە وەزارەت دەبێت، لقیشی لە پارێزگاکانی تری هەرێم دەبێت.

**دووەم:** ناوەند ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- کۆکردنەوە، پارێزگاریکردن، سەرپەرشتیکردن، ڕێکخستن، پۆلێنکردن، ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکان و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢- گەڕاندنەوەی ڕوونووسی ڕەسەن (نسخة أصلية)، یان وێنەیەکی لەبەرگیراوەی ئەو بەڵگەنامە گشتییانەی لە ئێستادا لە دەرەوەی هەرێمن.

٣- هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

4- هەر ئەرکێکی تر، کە ئەنجوومەنی پێکهاتوو بەپێی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە، پێی دەسپێرێت.

**سێیەم:** ناوەند بەشە بوودجەیەکی تایبەتی لە چوارچێوەی بوودجەی وەزارەتدا دەبێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ناوەند بەڕێوەبەرێکی گشتی دەبێت کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و پسپۆڕ و شارەزابێت لەبواری ئەرشیفکردندا.

**دووەم:** ناوەند لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١- بەشی کارگێڕی.

٢- بەشی ژمێریاری.

٣- بەشی یاسایی.

٤- بەشی ئەرشیف و تۆمار.

٥- بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان.

٦- بەشی تەکنیکی.

٧- هەربەشێکی تر، کە دەستەی ناوەند بە پێویستی بزانێت و دوای ڕەزامەندی وەزیر دروستی بکات.

**سێیەم:** ناوەند دەستەیەکی بەڕێوەبردنی دەبێت، کە لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان پێکدێت.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** ئەنجومەنێک بە سەرۆکایەتی وەزیر، بۆ ڕێکخستن و پلاندانان بۆ کار و چالاکییەکانی ناوەند، بە ئەندامێتی نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوە پێکدێت، کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:

١- وەزارەتی پەروەردە.
٢- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
٣- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.
٤- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
٥- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
٦- ئەکادیمیای کوردی.
٧- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
٨- بەرێوەبەری گشتی ناوەند.

**دووەم:** ئەنجومەن (٣) سێ مانگ جارێک و، لەکاتی پێویستیشدا لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجوومەن کۆدەبێتەوە، و بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەس یان لایەن یان وەزارەتێک، کە بەپێویستی بزانێت لە کۆبونەوەکاندا بەشداربێت، بکات.

**سێیەم:** ئەنجومەن ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

١- دارشتنی پلانی گشتی ناوەند.
٢- دانانی ستراتیژییەتی هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی کۆکردنەوە و پاراستن و ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکان.

**ماددەی (٦):**

سەرجەم دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم، بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کاروبارەکانیان ڕادەستی ناوەند دەکەن، ئەگەر شوێنکاریی یاساییان بۆ داهاتوو نەمێنێتەوە.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** بەڵگەنامەکانی ناوەند، بۆ مەبەستی زانستی، بەپێی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣، سوودی لێوەردەگیرێت.

**دووەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بە ڕەزامەندی وەزیر دەتوانێت بۆ بەرژەوەندی گشتی هەر بەڵگەنامەیەك بەنهێنی ئەژمار بکات، بە مەرجێک دەقێکی یاسایی رێگر نەبێت.

**ماددەی (٨):**

هەر بەڵگەنامەیەکی هەڵگیراو لەناوەند، نابردرێتە دەرەوەی هەرێم، تەنها بە پێشنیازی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و بە بڕیاری وەزیر نەبێت، بۆ مەبەستێکی ڕەوا و ماوەیەکی دیاریکراو.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** هەرناوەند یان لایەنێک یان هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بەڵگەنامەیەکی تایبەتی لەبەردەستدا بێت، ئەوا:

١- دەبێت لەماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ، لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، بە ژمارە و بڕ و داتای دروست لە ناوەند تۆماری بکات.

٢- دەبێت ڕوونووسێکی ڕەسەنی بەڵگەنامە مێژووییەکان لەحاڵەتی دەستداریی زیاتر لە یەک ڕوونووسی ڕەسەن، یان لەبەرگیراوەکەی لە حاڵەتی بوونی تەنها یەك ڕوونووسی ڕەسەن، ڕادەستی ناوەند بکات.

٣- دەبێت بەرپرسیارێتی یاسایی پاراستنی بەڵگەنامەکان بگرێتە ئەستۆ و هەماهەنگ بێت لەگەڵ ناوەند بەمەبەستی چاودێری و سەرپەرشتیکردن.

**دووەم:** هەر کەسێک، سروشتی بێت یان مەعنەوی و بەڵگەنامەیەکی گشتی لەلابێت، پابەندە بە گەڕاندنەوەی بۆ ناوەند، لە بەرامبەردا پاداشتێکی شایستەی پێدەدرێت.

**سێیەم:** هەرکەسایەتیەکی مەعنەوی، کە لەچوارچێوەی دامەزراوەیەکی فەرمی ناحکومی یان نیمچە حکومی، کە لەبواری پاراستن و ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکاندا کاردەکات، سەرپشکە ببێتە بە لقێک لە ناوەند بە ڕەزامەندی وەزارەت.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** هیچ بەڵگەنامەیەکی تایبەت یارای فرۆشتن، سوود لێوەرگرتن، یان دەستداریی نیە بۆ کەسانی بیانی، تەنها بەڕەزامەندی ناوەند نەبێت.

**دووەم:** لەکاتی فرۆشتنی بەڵگەنامەی تایبەتدا ناوەند مافی لەپێشینەیی دەبێت.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** هەر کەسێک، سەرپێچی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم)ی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە بکات، بە پێبژاردنێک که لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، و ئەگەر بەردەوام بوو لەسەرپێچییەکەی دەست بەسەر بەڵگەنامەکانیدا دەگیرێت.

**دووەم:** هەر کەسێک، بەڵگەنامەیەکی گشتی بە ئەنقەست لە ناو ببات، بگۆڕێت، بیباتە دەرەوە، یان هاوکاربێ بۆ بردنە دەرەوەی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە (٢) دوو ساڵ کەمتر نەبێت، و بە پێبژاردنێک که لە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت.

**سێیەم:** هەر کەسێک بەڵگەنامەیەکی گشتی بفرۆشێت، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت و بە پێبژاردنێک، کە لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، سزادەدرێت.

**چوارەم:** هەر کەسێک کاربکات بۆ گۆڕین یان دەستکاریکردن، بە مەبەستی شێواندنی ناوەڕۆك یان لە ناوبردنی بەڵگەنامەیەکی تایبەت، بەبێ ڕێزگرتن لە مافی خاوەنداریەتی لەپێشینە بۆ ناوەند، بە پێبژاردنێک کە لە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، سزا دەدرێت.

**پێنجەم:** هەر کەسێک بە هەڵە زیان بە بەڵگەنامەی گشتی بگەیەنێت بە پێبژاردنێک کە لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، و ئەگەر هاتوو هەڵەکە بووە هۆی لە ناوچوونی بەڵگەنامەکە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە (٣) سێ مانگ زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێک کە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت سزا دەدرێت.

**شەشەم:** سەرپێچییەکانی هاتوو لەم ماددەیەدا، ئەگەر لەلایەن فەرمانبەرانی ناوەندەوە ئەنجام درابێت، بە باری توندکەر ئەژمار دەکرێت.

**حەوتەم:** یاسا سزاییە بەرکارەکان بە سەر هەر سەرپێچی یان تاوانێکدا جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر بە دەقێکی تایبەت لەم یاسایەدا سزای بۆ دانەنرابێت.

**ماددەی (١٢):**

بەڵگەنامەی گشتی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە موڵکی گشتی ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی (١٣):**

ڕەسمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بواری ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکان، حوکمەکانی یاسای ڕەسمی پولی بەرکاری بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (١٤):**

پێویستە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (١٥):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بریارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٦):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٧):**

ئەم یاسایە دوای (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی نیشتمانی بۆ ئەرشیفکردن، و پەرش و بڵاوی بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، و بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەرشیفی گشتی و تایبەت کە سامانی نیشتمانی و نەتەوەیین، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٢/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

خاڵی (٣)ی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٨)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەیەک بە زنجیرەی (سێیەم) بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێک ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**ماددەی (٢):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی لایەنی پەیوەندیدار بە دیاریکردنی ئەرک و دەسەڵاتی پێکهاتەکانی وەزارەتی کارەبا لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٢/ ٣ /٣٠**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٢١٩ لە ٢٠٢٢/٤/١٣**

**بـڕیـار**

**ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

ئاماژە بەبڕیار دادگای باڵا ئیتحادی بە ژمارە (٢٧/اتحادیە/٢٠٢١لە٢٠٢١/١٠/٢٠)کە تیایدا هاتووە بە نادەستوری بوونی ماددەکانی (٢٤٥/یەکەم - دووەم - سێیەم) و (٢٤٧ و ٢٥٠ و ٢٥١ / دووەم) لە یاسای گومرگ ژمارە(٢٣)ی ساڵی(١٩٨٤)هەمواركراو هەروەها هەڵوەشاندنەوەی لەبەر ئەو هۆیانە کە لە ناوەرۆکی بڕیارەکە داهاتووە وە پشت بەحوکمی مادده (٩٤) لەدەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ وە ماددەی (٥/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای ئیتحادی ژمارە (٣٠) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو بەیاسای ژمارە(٢٥)ی ساڵی٢٠٢١ ئەنجومەنی دادوەری بەکۆی دەنگ بڕیاریدابە پەیڕەوکردنی ناوەڕۆکی بڕیاری سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە:

١- پێکهێنانی دادگای گومرگی لە (هە ولێر/سلێمانی/دهۆك)تەنها لە یەک دادوەر (قاضی منفرد) بۆ بینینی داواکانی گومرگی بەپێی یاسای ژمارە(٢٣)ی ساڵی١٩٨٤ی هەموارکراو .

٢- پێکهێنانی دادگای گومرگ لە سە رۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک/گەرمیان بۆبینینی داواکانی لەسنوری ئیدارە ی ناوچەکە.

٣-دەستەیەک لە سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هە رێمی کوردستان تەنها لەخودی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە پێکدێت تایبەتمەند دەبێت بۆ بینینی داواکانی گومرگی کەتانەیان لێدراوە .

٤- هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە دادگاکانی گومرگ دەردەچێ شایەنی تانە لێدان دەبێت تەنانەت قیمەتی ماڵی دەست بەسەرگیراو هەر بڕێک بێت .

٥- ئەم بڕیارە لە ٢٠٢٢/٥/٢ جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**

**عبدالجبار عزیز حسن**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٢٠٦ لە ٢٠٢٢/٤/١٠**

**بڕیار**
**ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لەسەر پێشنیاری یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراویان ژمارە (٦) لە ٢٠٢٢/١/٣٠ کەتیایدا داوا دەکەن بە دیاریکردنی ڕۆژێك وەکو ڕۆژی دادوەری لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە :-

- دیاریکردنی ڕۆژی (١٦ی کانونی دووەم) وەك ڕۆژی (**دادوەری لە هەرێمی کوردستان / یوم القضاء الكوردستاني**) کە هاوکاتە لەگەڵ پێکهێنانی سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/١/١٦).
- ئەم بڕیارە بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٢١٦ لە ٢٠٢٢/٤/١٢**

**بڕیار**
**ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

دوا بە دوای بڕیارمان ژمارە (٤) لە ٢٠٢١/٢/١٠ کە تایبەتە بە پێکهێنانی (دادگای تاوانەکانی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی ) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و لکاندنی بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بۆ دادگایی کردنی سەرجەم تۆمەتبارانی تاوانی گەندەڵی کە بەپێی بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ لە وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٦٣) لە ٢٠٢١/٣/١٨ بڵاوکراوەتەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی و باشتر و خێرا بەڕێوەچوونی کەیسەکانی گەندەڵی و ڕەچاوکردنی بابەتی تایبەتمەندی شوێن ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە:-

- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سەرەوەمان وە دیاریکردنی دادگای تاوان لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك - کەرکوك / گەرمیان) تایبەتمەند دەبێت بە بینینی کەیسەکانی گەندەڵی (تاوان) دوای ئەوەی کە لە لایەن دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ڕەوانە دەکرێت.
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٣٤٣٨ لە ٢٠٢٢/٤/١١**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەژمارکردنی باج بۆ گرێبەستەکانی نێوان لایەنی گرێبەستکاری عێراقی و بیانی**

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٦١) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو بڕیاردرا بە:-

هەژمارکردنی باج بۆ گرێبەستەکانی دابینکردن کە لە نێوان لایەنی گرێبەستکاری عێراقی و بیانی ئەنجام دەدرێت ، هەروەها گرێبەستەکانی تر کە لە نێوان کەسی نیشتەجێ لەگەڵ کەسی بیانی نا نیشتەجێ ئەنجام دەدرێت ، هەروەها بەشداریکردنی لقی کۆمپانیای بیانی لە خەرجییەکانی کۆمپانیای دایک بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** بازرگانی لە عێراقدا باجی دەرامەتی دەکەوێتە سەر بۆ گرێبەستەکانی دابینکردن کە لە نێوان لایەنی گرێبەستکاری عێراقی لە کەسانی ئاسایی و واتایی عێراقی (الاشخاص الطبيعية والمعنوية العراقية) لە نێویشیاندا وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لەگەڵ لایەنی بیانی لە کەسانی ئاسایی و واتایی ، کە گرێبەستەکان ئەنجام دەدەن لە ناو عێراقدا بە چاوپۆشین لە شوێنی ڕادەستکردنی کاڵاکان یان شوێنی نیشتەجێبوونیان و بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :-

أ-

١- ئەگەر دابینکەری بیانی نانیشتەجێ ، نوێنەریان کارمەند یان لق یان نووسینگەی لە عێراقدا هەبێ و گرێبەست ئەنجام بدات یان جێبەجێی بکات ، لە ڕێگەی نوێنەری لق یان نووسینگەکەی ، یان یەکێک لە کارمەندانی ، یاخود هە ر کەسێکی نیشتەجێی عێراق سەر پشک کرا بێ بۆ بەستنی گرێبەست یان جێبەجێکردنی .

٢-ئەگەر دابینکاری بیانیی نا نیشتەجێ کەسێکی نێشتەجێی عێراقی سەرپشک کرد بۆ ئیمزاکردن و جێبەجێکردنی گرێبەست لە باتی خۆی ، ئەوا ئەژمارکردنی باج بە ناوی کەسە نیشتەجێبووە عێراقییەکەوە دەبێت ، کەلە جێگەی کەسە نا نیشتەجێیەکە کاری کردووە ، لەگەڵ ئەو دەستهەقەی کە بۆ کەسە نیشتەجێکە دابین دەبێت.

ب- ئەگەر داواکارییە یاساییەکانی گرێبەست بەناوی دابینکاری بیانی بوو ، وەکو و پوختەکردنی لیستەی بار و ڕەسمی گومرگی و تێچووی کردنەوەی پشتیوانەی قەواڵەیی و ڕێکارەکانیان لە ناو عێراقدا بێت ، با لق یان نووسینگە یان بریکاریشی لە عێراقدا نەبێت .

ج- ئەگەر بەشیک یان هەموو بەهای گرێبەستەکە لە ناو عێراقدا بێت و بەهەر جۆرە دراوێک بێت .

د- ئەگەر بەهای گرێبەستەکە بەشێوەی شتگۆڕکی (مقايضة) بەدابینکاری بیانی بدرێت .

**دووەم: أ-** ئەو دەرامەتەی لە پێشکەشکردنی شارەزایی ، یان ئەو خزمەتەی لەگرێبەستی دابینکردن لەسەری ڕێکەوتوون ، یان لەگرێبەستێکی سەربەخۆ ئەگەر لە ناو عێراقدا لە سەری پێکهاتبن ، ئەوا باجی دەکەوێتە سەر تەنانەت ئەگەر پێدانی کرێیە کەلە دەرەوەی عێراقیش بێت ، ئەو پێشکەشکردنی خزمەت یان شارەزایکردنە لەلایەن کەسی ئاسایی یان واتاییەوە بێت .
ب- گرێبەستی دابینکردنی سەرەکی بەشێوەی جودا لەپێشکەشکردنی خزمەت و شارەزایکردن باجی دەکەوێتە سەر بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** هەژمارکردنی باجی گرێبەستە ئەنجامدراوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێژەی قازانج دیاری دەکرێت :-

١- گرێبەستی بەکرێدانی سەرجەم ئامێرەکان (٣٥٪) .
٢- گرێبەستی بەکارهێنانی براند و ئارم و لۆگۆ و نازناو هێمای بازرگانی (٧٥٪) .
٣- گرێبەستی توێژینەوە و کارە ڕاوێژکارییەکان (ابحاث واستشارات) (٥٠٪) .
٤- گرێبەستی بەبازاڕکردن (تسويق) (٤٠٪) .
٥- گریبەستی سەرجەم ڕێکلامەکان (٣٠٪) .
٦- گرێبەستی سەرجەم بەڵێندەراتییەکان وخزمەتگوزارییەکان (٢٠٪) .
٧- گرێبەستی دانان (نصب) و دامەزراندن (تأسيس) وکارپێکردن (تشغيل) و چاککردنەوە (صيانة) و هەرگرێبەستێکی دیکە کە لە یەک پسپۆری زیاتر بێت (٢٥٪) .
٨- گرێبەستی وەرزشوانان و هونەرمەندان (٣٠٪) .
٩- هەرگرێبەستێك کە لەم خاڵانەی سەرەوە باس نەکرابێت بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری ڕێژەی قازانجی بۆ دیاری دەکات .

**دووەم:** سەبارەت بەساڵانی پێشوو پشت بە(خشتەی قازانجی دیاریکراوی دابینکردن و بەڵێندەرایەتی) دەبەسترێت کەلە خەملاندنی پیشەو کارەبازرگانییەکان (ضوابط) دا هەیە و ساڵانە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابوورییەوە دەرچووە .

**سێیەم:** بۆ ئەو باجدەرانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ کەسی بیانی نانیشتەجێ هەبووە لەساڵانی ڕابردوودا ، بەڵام ئەژماری باجیان بۆ نەکراوە بەگوێرەی ماددەی(٣٢) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت .

**چوارەم:** ئەو کۆمپانیا بیانییانەی لقیان لەهەرێمی کوردستان هەیە ، لە کۆی ئەو خەرجییانەی وەکو خەرجیی بۆ کۆمپانیای دایك لە میزانیە و ڕاپۆرتدا خستوویانەتە ڕوو لەساڵانی (٢٠١٦)ی دارایی تاکو ساڵی (٢٠٢٠)ی دارایی تا ڕێژەی (٥٠٪) لەو خەرجییە قبوڵ دەکرێت لە ژێر هەر ناو و پۆلێن (تبويب) ێکدا بێت بەڵام لە ساڵی (٢٠٢١)ی دارایی بەدواوە تاکو ڕێژەی (٧٪)ی قازانج قبوڵ کراوە دوای پشتراستکردنەوەی لەلایەن دەسەڵاتی دارایی.

**ماددەی (٣):**

بازرگانی لەگەڵ عێراق باجی دەرامەتی ناکەوێتە سەر بۆ گرێبەستەکانی دابینکردن کەلە نێوان لایەنی گرێبەستکاری عێراقی لە کەسانی ئاسایی وواتایی عێراقی (الاشخاص الطبيعية والمعنوية العراقية) لە نێویشیاندا وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بەوەزارەت لەگەڵ لایەنی بیانی لە کەسانی ئاسایی و واتایی کە گرێبەستەکان ئەنجام دەدەن لەناو عێراقدا بەچاوپۆشین لە شوێنی ڕادەستکردنی کاڵاکان یان شوێنی نیشتەجێبوونیان ، بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :-

١- ئەگەر دابینکاری بیانی لەدەرەوەی عێراق نێشتەجێ بێت وپێکهاتنی گرێبەست وداواکارییە یاساییەکانی بەناوی لایەنێکی عێراقییەوە بێت ، وەکو پوختەکردنی لیستەی بار و تێچووی کردنەوەی پشتیوانەی قەواڵەیی (اعتماد المستندی) وەڕێکارەکانیان .

٢- ئەگەر دابینکاری بیانی نانیشتەجێ لە عێراق ، لق یان نووسینگە یان بریکاری لە عێراقدا هەبێت و گرێبەستەکە لەدەرەوەی عێراق ئەنجام درابێت ، بێ ئەوەی لق یان نووسینگە یان بریکارەکەی لایەن بن لە پێکهاتن یان جێبەجێکردنی گرێبەستەکە .

٣- ئەگەر گوژمەیەک لە دەرەوەی عێراق درا بۆ کاری شارەزایکردن یان خزمەتگوزاریی پێشکەش کراو و لە دەقی گرێبەستی دابینکردنیشدا هاتبوو ، وەکو و سەرپەرشتی کردنی باریان پشکنینی کە لوپەلەکان یان کاری ڕاوێژکاری .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** لەسەر لایەنی گرێبەستکار پێویستە پێشینەی کۆتایی بۆ بەڵێندەرانی لاوەکی خەرج نەکات بەبێ نووسراوی پشتگیری باجەکان هەروەها هەژماری بەڵێندەرەکان بەبێ نووسراوی ڕەزامەندیی باجەکان کۆتایی پێ نەهێنێت یان پێش خەرجکردنی پێشینەی کۆتایی ڕێژەی (١٠%) لە گوژمەکە ببڕێت و بیداتە فەرمانگەکانی باج ، جا جێبەجێکردنی گرێبەستەکە بەیەك جار بێت یان بە چەند پێشینەیەك خەرج بکرێت .

**دووەم:** ئەو گوژمە لێبڕدراوەی کەلە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەنێردرێت بۆ فەرمانگەکانی باج لەماوەیەك کەلە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت لەڕێکەوتی کۆتاییهاتنی کارەکە.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنماییە لە دەسپێکی ساڵی دارایی (٢٠٢٢)ی دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٢٤٤٣ لە ٢٠٢٢/٤/١٤**

پاڵپشت بە یاسای ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٧٢ی هەموارکراو، وە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ ، وە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ، ئهم ڕێنمایییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی تایبەت بە مۆڵەتی ڤێتێرنەری بۆ کارگەکانی دروست کردنی قیمەی گۆشت و بەرووبوومەکانی**

**یەکەم: پێناسەی زاراوەکان:-**

مەبەست لەم زاراوانەی کە لە دەقەکانی ئەم ڕێنمایەدا هاتووە واتای ئەمەیە کە بەرامبەر هەر یەکەیان نووسراوە:-

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

٣- **وەزیر:** وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

٤- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری .

٥- **بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری:** بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری لەپارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان.

٦- **بەشی تەندروستی ئاژەڵ:** بەشی تەندروستی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**دووەم: وەرگرتنی ڕەزامەندی:-**

١- پێشکەشکردنی داواکاری و پرۆپۆزەڵی دروست کردنی کارگە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری.

٢- پشکنینی سەرەتایی بۆ شوێنەکە ئەنجام دەدرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری.

٣- بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری نوسراوێك ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکان ( تەندروستی ، ژینگە ، شارەوانی و گەشەپێدانی پیشەسازی و یەکەی کارگێری ناوچەکە) دەکات بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی و لارینەبوونیان.

٤- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان ، گشت بەراییەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی / بەشی تەندروستی ئاژەڵ بەرزدەکرێتەوە بەمەبەستی ووردبینی کردن و ڕێگەپێدانی سەرەتایی.

٥- لەبەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێویستە کارگە کارەکانی تەواو بکات لەماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (١) یەك ساڵ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کەوتنەکاری کارگە.

٦-لە دوای تەواو بوونی کارگەکە پشکنینی کۆتایی ئەنجام دەدرێت لە لایەن لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری وە نوسراو بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ بەشی تەندروستی ئاژەڵ بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردن بەپێی ئەو مەرج و ڕێکارانەی کە لەناو ئەم ڕێنمایە هاتوون.

٧-مۆڵەتی کارکردن (٢) دوو ساڵ جارێك تازە دەکرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری.

**سێیەم: مەرجەکانی شوێنی کارگە :**

پێویستە بینایەی کارگە جیاکراوە بێت لە هەر جۆرە بینایەکی تر . دەبێت شوێنی کارگە دووربێت لەو کارگانەی بۆنی ناخۆش و گازی ژەهراوی دەردەدەن و لە کارگەکانی خۆش کردنی پیستە و کارگەکانی غاز و زبڵخانەو ئاوەرۆگشتیەکان بە دووری(٥٠٠)م .

**چوارەم: مەرجەکانی بینایەی کارگە :-**

١- پێویستە کارگە سەرچاوەی ئاوی پاکی بەردەوامی هەبێت .

٢- پێویستە کارگە ئاوەڕۆی گونجاوی هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ئاوی قورس و پاشماوەی ڕەق و شل.

٣- پێویستە کارگە کارەبای بەردەوامی هەبێت .

٤- پێویستە مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکان بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ژینگە بێت و شوێنی تایبەتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی پاشەڕۆکان بەڕێگەی زانستی.

٥-دابین کردنی هۆکاری ساردکەرەوە و هەواگۆرکی.

٦- ئەبێت کارگە سیستمی داخراو بێت لەکاتی ئیش کردندا.

٧- نابێت هیچ ئامێریکی دار وتەختە و بەکاربهێنرێت لە هۆڵی بەرهەمهێناندا چونکە تعقیم ناکرێت ، وە پێویستە ئامێر و کەل و پەلەکان نوێ بن و لە ماددەی دژە ژەنگ دروستکرابن (Stainless-Steel).

٨- پێویستە بەرنامەی تایبەت هەبێت بۆ تعقیم کردن و لە ناوبردنی قرتێنەرەکان و مێش و مەگەز.

٩- پێویستە بینایەکە ( ٤٠ - ٥٠ ) چل تا پەنجا سم لە زەوی بەرزتر بێت ، داپۆشینی زەوی کارگە بەماددەی (Epoxy) و دیوارەکان کاشی بێت.

١٠- دەرگا و پەنجەرەی کارگە لەماددەی دژە ژەنگ دروستکرابێت و توند و تۆل بێت و بە هێلەنگ داپۆشرا بێت لە پێناو ڕێگری لە چوونە ژوورەوەی مێش و مەگەز .

١١- هەبوونی ساردکەرەوە و بەستێنەر.

١٢- دانانی سیستەمی کامێرای چاودێری

١٣- پێویستە کارگە لەم بەشانە پێك بێت:

أ. **بەشی کارگێری**: کە پێك بێت لە ( کارگێری ، ژمێریاری ، ژووری کرێکار ، ژووری نان خواردن ، حمام ، توالێت).

ب. **بەشە جیاکەرەوە (ناوەراست)** : ئەم بەشە دەکەوێتە نێوان بەشی کارگێری و تاقیگەو هۆڵی بەرهەمهێنان کە تایبەتە بە جل گۆرین و تعقیم کردن بەر لە چوونە ناو تاقیگەو هۆڵی بەرهەمهێنان.

ج. **بەشی تاقیگە** : هەبوونی تاقیگەیەك بۆ ئەنجامدانی پشکنینی مایکرۆبایۆلوجی و کیمیایی وپێکهاتەکان لە پێناو سەلامەتی گۆشت و بەرهەمەکان.

د. **هۆڵی بەرهەمهێنان** : کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی خۆراك, پلەی گەرمی کارگە بە تایبەتی هۆڵی بەرهەمهێنان زیاتر نەبێت لە (12°C) دوانزە پلەی سلیزی بەپێی ستاندرادی عێراقی.

**ه. کۆگا** :

١- کۆگای گۆشت : شوێنی کۆگاکردنی مەوادە سەرەتاییەکان (گۆشت) نزیك بێت لە هۆڵی بەرهەمهێنان ، ساردکەرەوە (2- 6°C) (دوو بۆ شەش) پلەی سیلیزی بۆ گۆشتی فرێش ، بەستێنەر (18°C-) ژێر هەژدە پلەی سلیزی بێت بۆ گۆشتی بەستوو.

٢- کۆگای بەرهەم : شوێنێك بۆ ئامادەکردنی بەرهەمی ئامادەکراو لە دەرەوەی هۆڵی بەرهەمهێنان ، ژووری بەستێنەری هەبێت بۆ بەرهەمەکانی کە ئامادە دەکرێن, پلەی گەرمی بەستێنەرەکە (18°C-) ژێر هەژدە پلەی سلیزی بێت ، بەرهەمەکان لە سەر زەوی دانەنرێن بەڵکو پێویستە لەسەر پلێتی پلاستێك یان ڕەفەی ستیل دابنرێت بۆ رێگری کردن لە (Contamination) واتە پیسبوون بوون ، بۆ ئەو بەرهەمانەی کە پێویستیان بە ساردکەرەوە هەیە پێویستە ساردکەرەوەی تایبەتیان هەبێت بە پلەی (2- 6°C) (دوو بۆ شەش) پلەی سیلزی بێت.

**پێنجەم: مەرجەگشتیەکان:**

١- پێویستە کارگە هەولی بەدەست هێنانی بڕوانامەی سەلامەتی خۆراکی بدات (HACCP یان ISO 22000) .

٢- تەواوی مەرجەکانی ڤێتێرنەری بگرێتەبەر لە سەرەتای دروست کردنی تاکۆتایی ئامادەکردنی بەرهەمەکە.

٣- پێویستە کارگە سەرپەرشتیاری پسپۆری هەبێت، (بەپێی یاسای سەرپەرشتیاری) وە دەستی کاری خۆماڵی و دانەمەزراو کار پێ بکات بەمەبەستی دڵنیایی و سەلامەتی لە سەرچاوەی ئەو بەرهەمانەی کە بەکاردێت یاخود ئەو بەرهەمەی کە دروست دەکرێت.

٤- هەموو ئەو کارمەندانەی کەلە کارگە کاردەکەن پێویستە پێناسە و مۆڵەتی بەرێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیان هەبێت.

٥- پێویستە ڕۆژانە دوای تەواوبوونی کار گشت ئامێرەکانی ناو کارگە بە ئاوی گەرم بشۆرێن و دواتر تعقیم بکرێن.

٦- پێویستە جل و پێڵاوی تایبەت و دەست کێش دەمامك بەکاربهێندرێت لەکاتی کارکردن .
٧- ئەبێت صابونی شل بەکاربێت و کلێنکس یا ئامێری هەوا هەبێت بۆ ووشك کردنی دەست.
٨-هەبوونی یەکەی فریاگوزاری سەرەتایی.

**شەشەم: مەرجەکانی بەرهەمەکە:-**

**١- گۆشتی سوور** :

أ- سەرچاوەی گۆشتی سوور : باشتروایە گۆشتی خۆماڵی بێت (گۆلك و چێڵ) و ئاژەڵەکان لە سەربڕخانەی فەرمی سەرببڕێن وە مۆری سەربڕخانەی پێوەبێت وە دۆکیومێنتی فەرمی وەربگیرێن, ئەگەرنا دەتوانرێت گۆشتی سووری بەستوو ( گۆلك) بەکاربهێنێت بە مەرجێك بە مۆڵەتی فەرمی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گۆشتەکە هاوردەکرا بێت ، لەکاتی بەکارهێنانی گۆشتی بەستوو پێویستە ڕێکەوتی بەسەرچوونی گۆشتەکە (٦) مانگ زیاتری مابێت.

ب- گۆشتی فرێش پێویستە راستەوخۆ بکرێتە قیمە و نابێت گۆشتەکە (بەستوو) کرابێت و پاشان بکرێتە قیمە وە گۆشتی بەستوو پێویستە خاونەکرێتەوە بەڵکو بە بەستوویی پارچەپارچە بکرێت و پاشان بکرێتە قیمە .

**٢- گۆشتی مریشك** :

أ- سەرچاوەی گۆشتی مریشك :دەبێت بەرهەمی مریشکی ناوخۆ بەکار بهێنرێت کە سەر بڕا بێت لە سەربڕخانە فەرمیە مۆڵەت پێدراوەکانی هەرێم بۆ پارچەکراوەکان و دروست کراوەکانی مریشك.

ب- نابێت کرداری سەربڕینی مریشك لە کارگە ئەنجام بدرێت بە پێچەوانەوە رووبەرووی لێپێچینەوەی یاسا دەبێتەوە.

٣- پێویستە هەموو بەروبوومی قیمە بە شێوەی بەستوویی بفرۆشێت بە شوێنەکان.

٤- پیویستە کێشی بەرهەم لە نێوان (٠,٥ - ٢) کگم (نیو بۆ دوو) کیلۆگرام بێت.

٥- نابێت بە هیچ شێوەیەك هیچ ماددەیەك زیاد بکرێت بۆ قیمەکە لەوانە : خوێ و سۆیا، نیترات ، ماددەی پارێزەر، بهارات، سرکە ...هتد .

٦- لەکاتی تێکەڵ کردنی گۆشت و قیمە بە تێکەڵە یان بهارات و بەرهەم هێنانی دروستکراوەکانی گۆشتی سوور پێویستە لە چوارچێوەی گرتنەبەری گشت مەرجەکانی تەندروستی و پێوەرە جیهانیەکان بێت.

٧- پێویستە بەرهەمەکە لە دەفرێکی (Container)ی تایبەت بە خۆراك ئامادەبکرێت و بە ئاسانی نەشکێت و نایلۆن یان پێکهاتەکەی (Packing) ـەکەی کاریگەری لەسەر بەروبوومەکە نەبێت و بەپێی (Food Grade) بێت .

٨- هـەموو وەجبەیـەك بـاچ نەمبـەری (Batch Number)ی لەسـەر بێـت و پێویسـتە نموونـەی لـێ وەربگیرێت بۆ تاقیگەی ڤێتێرنەری فەرمی بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنین پێش بە بازارکردن .
٩- پێویستە گشت دۆکۆمێنت و بڕوانامەی هاوردەکردنی گۆشتەکان لەلای کارگە پارێزراو بێت .
١٠- پێویستە ئەنجامی پشکنینی تاقیگەی بۆ هەر وەجبەیەك لە کارگە پارێزراو و ئەرشیف کرابێت.
١١- پێویسـتە سـەرچاوەی گۆشـتەکان دیاربێـت (بـە دیکۆمێنـت وپسـوولە و بڕوانامـە) وە لیسـتی فرۆشتنی قیمەکە بە شوێنەکان ئەرشیف بکرێت .
١٢. پێویستە مەرجەکانی لە لیبڵ بۆ بەرهەمەکان رەچاو بکرێت لەوانە:
- ناوی بەرهەم
- جۆری بەرهەم :
أ- گۆشتی سوور خوماڵی یان بەستوو/ گۆشتی بەستووی هاوردەی رێگە پێدراو.
ب- گۆشـتی مریشـك/ دەبێـت تـەنها بەرهـەمی پرۆژەکـانی نـاوخۆی سـەربڕخانەکانی مۆڵەتـدراوی ناوخۆ بێت.
- رێکـەوتی بەرهـەمهێنان و بەسـەرچوون: قیمـەی بەسـتوو نابێـت لـە(٣) مانـگ زیـاتر بێـت بـۆ بەرهەمەکانی تر بەپێی نوێترین تایبەتمەندی عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.
- هەبوونی باچ نەمبەر (Batch Number).
- کێشی بەرهەم.
- ژمارەی مۆلەتی ڤێتێرنەری.
- ژمارەی مۆلەتی تەندروستی.
- ژمارەی مۆلەتی گەشەپێدانی پیشەسازی.
- ناونیشانی کارگە و ژمارەی تەلەفۆن.
- چۆنیەتی هەڵگرتنی بەرهەمەکە و پاراستنی.
- بە زمانەکانی کوردی - ئینگلیزی یان عەرەبی - ئینگلیزی.
- پێویستە لەسەر بەرهەمی قیمەکە نوسرابێت کەهیچ ماددەیەکی بۆ زیاد نەکراوە.
١٣- پێویسـتە بەرهەمـەکان بـە ئۆتـۆمبێلی ساردکەرەوە یـان بەسـتێنەری تایبـەت دابـەش بکـرێن بەسەر شوێنەکان.
١٤- قیمەی بەستوو : نابێت لە بازار و مۆڵ و دوکـان و شـوێنە گشـتیەکان بفرۆشـێت بـەڵکو پێویسـتە تـەنها بـۆ کارگـەکانی دروسـت کردنـی خـۆراك و رێسـتورانتەکان، هۆتێلـەکان وشـوێنەکانی دروستکردنی پیتزا و کوبە و بەرگر و کولێرە ئامادە بکرێن .
١٥- کارگە دەتوانێت کاری بەرهەمهێنانی دروستکراوەکانی گۆشت بکات لەوانە : دروستکردنی گەص, بەرگر ، صوصج ، کباب ، کوبە ...هتد و لە بـازار و مارکێتـەکان بیفرۆشـێت بەهـەمان ئـەو مـەرج و رێکارانەی کەلەم ڕێنمایە ئاماژەی پێکراوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان.

١٦- بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی کشتوکاڵ, ڕێگە نادرێت بە بەرهەم هێنان و فرۆشتنی قیمەی ئامادەکراو (فرێش و بەستوو) لەلایەن مارکێت و دوکان و قەسابەکان ,بەڵکو تەنها پێویستە قیمە لەبەر چاوی کڕیار ئامادەبکرێت و بفرۆشێت و ئاگاداری شوێنەکان بکرێت بە نەفرۆشتنی قیمەی ئامادەکراو وە لە لایەن لیژنەکانەوە دەست بەسەر بەرهەمەکان بگیرێت و ئیجرائات بەرامبەر سەرپێچی کار وەربگیرێت.

١٧- پێویستە خاوەن کارگە بەڵێنامە پڕ بکاتەوە لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڤێتێرنەری بە جێبەجێ کردنی گشت مەرجەکان کە لەناوەڕۆکی ئەم ڕێنمایەدا هاتووە.

١٨- بەرێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری و بەدواداچوون وپشکنینی وەرگرتنی نموونە و پشکنین بۆ ئەم کارگانە ئەنجام بدەن.

**حەوتەم: سزاکان:**

١- لە کاتی ئەنجام دانی سەرپێچی:

بۆ جاری یەکەم: مۆڵەتی کارکردنی لێ ڕادەگیرێت بۆ ماوەی (١) یەك مانگ.

بۆ جاری دووەم: مۆڵەتی کارکردنی لێ ڕادەگیرێت بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ.

بۆ جاری سێیەم: کارگەکە دادەخرێت و مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە بەیەکجاری و دەرێتە دادگا.

٢- لە کاتی بەکارهێنانی گۆشتی قەدەغەکراو وە ڕێگە پێنەدراو بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی ڤێتێرنەری ، ئاراستەی لیژنەی لێکۆلینەوە دەکرێت و کارگەکە دادەخرێت تاکو لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت.

**هەشتەم:**کار بە هیچ ڕێنمایەک ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم ڕێنمایە بێت.

**نۆیەم:** ئەم ڕێنمایە لە رۆژی دەرچوونی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**هۆیەکانی دەرچوون**

بەمەبەستی سەلامەتی گشتی و دڵنیایی لە تەندروستی بەرهەمی گۆشت و دروست کراوەکانی گۆشت وە بەبازارکردنی بەرهەمێکی کوالێتی بەرزو ڕێگری کردنی لە بەرهەمی گۆشت وقیمەی نا تەندروست و بەگەرخستنی کارگەی خۆماڵی بە پشت بەستن بەبەرهەمی گۆشتی ناوخۆو دۆزینەوەی هەڵی کار بۆ دەستی کاری ناوخۆ ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد.

**بێگەرد تاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**ژمارە : ٣٦٨١ لە ٢٠٢٢/٤/٥**

پاڵپشت بە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٧)ی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی (٢٥) لە یاسای پاراستنی پرۆژە وتۆڕەکانی ئاو وئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ، ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

١- **یاسا:** یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ پاراستنی تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان.

٢-**لیژنەی تایبەت:** ئەو لیژنەیەی کە کاری بەدواداچوون و چاودێری و جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای لە ئەستۆدایە کە بریتییە لەو سەرپێچی و زێدەڕۆییانەی دەکرێتە سەر خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن و پاراستنی سامانی ئاو و پێکهاتەکانی ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ و دیاریکردنی سزاکانی بەپێی جۆر و شێوەی سەرپێچی و زێدەڕۆیی .

٣-**چاودێر:** کارمەندانی فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ کە چاودێری پاراستنی ژێرخان و تۆڕەکانی ئاو وئاوەڕۆ دەکەن لە زێدەڕۆیی و سەرپێچیەکانی هاتوو لە یاساکە .

٤-**هەواڵدەر:** هەر کەسێکی سروشتی و واتایی کە هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە سەرپێچیەکان و زێدەڕۆیەکانی سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ .

٥- **بڕیاردەر:** کەسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دەبێت کە بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵاتیان پێ دەدات .

**ماددەی (٢): لێژنەی تایبەت**

پاڵپشت بە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٣) لە یاسا لیژنە بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ یان بەڕێوەبەر یان لێپرسراوی فەرمانگە هەر یەکە لە سنووری دەسەڵاتی خۆی لەم پسپۆڕیانەی خوارەوە پێکدێت :-

١- پسپۆڕی ئەندازەیی

٢- پسپۆڕی یاسایی

٣- پسپۆڕی ژمێریاری

٤- نوێنەری فەرمانگەی پەیوەندیدار

**ماددەی (٣): ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت و ڕێکارەکانی یاسایی و ژمێریاری**

**یەکەم: ئەرکەکانی لیژنە:**

پاڵپشت بە بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٣) لە یاسا لیژنەی تایبەت هەژماری جۆر و شێوەی سەرپێچی وزێدەڕۆییەکان دەکات و بە ڕاپۆرتێک لایەنی بڕیاردەر ئاگادار دەکاتەوە، و لایەنی بڕیاردەریش بڕیاری پێویست لەبارەی سەرپێچی یان زیادەڕۆیەکە دەردەکات و بڕی سزاکە بەپێی حوکمەکانی دیاریکراو لە یاسا دیاریدەکات و بە گوێرەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :

أ- دوای ئاگادارکردنەوەی لیژنە بەهەر زێدەڕۆییەک یان سەرپێچییەک لە ڕێگەی هەواڵدەر و چاودێر ، دەست بەجێ لیژنە کەشفی شوێنی زێدەڕۆیی یان سەرپێچی دەکات .

ب- لێژنەهەڵدەستێت بە چەسپاندنی واقع حالی (جۆر و شێوازی) زێدەڕۆییەکە یان سەرپێچییەکە بەپێی فۆڕمی نمونەیی (الموحد)ی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە کە پێویستە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان پەسند بکرێت .

ج- لیژنە هەڵدەستێت بەشیکردنەوەی (جۆر و شێوازی) سەرپێچی و زێدەڕۆییەکان و پێشنیازی ڕێگە چارە و دیاریکردنی بڕی پێ بژاردنەکان بەپێی حوکمەکانی یاسا .

د- ئامادەکردنی کۆنووسێک کە هەنگاوەکانی لیژنەکە ئەنجامی داوە تێیدا جێگیر بکرێت و لەلایەن ئەندامانی لیژنە واژوو بکرێت.

هـ- بەرزکردنەوەی کۆنووس و فۆرم و گشت داتا و زانیاری بۆ بڕیاردەر بە مەبەستی پەسندکردنی پێشنیارەکانی لیژنە و دواتر ڕەوانەکردنی بۆ بەشی پەیوەندار بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .

**دووەم: ڕێکارەکانی یاسایی و ژمێریاری**

دوای پەسندکردن وناردنی کۆنووس و فۆڕمی زانیارییەکان لەلایەن بڕیاردەر بۆ بەشە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری پەسندکراو ، هەر یەکە و بەپێی حاڵەتەکە :

أ- لە حاڵەتی سزای پێ بژاردن ، بەشی ژمێریاری پەیوەندیدار هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پسولەیەکی نمونەیی یەکگرتوو (موحد) بۆ وەرگرتنی بڕی گوژمەی پێبژاردنەکە بەپێی یاسا .

ب- ئەگەر سەرپێچیکار یاخود زێدەڕۆکار ئامادە نەبوو بەپێی حوکمەکانی یاسا بڕی پێبژاردنەکە بدات بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی دەوڵەت ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ی هەموارکراو یان هەر یاسایەکی دیکە کە جێگەی دەگرێتەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەری گشتی یان هەرکەسێک کە ئەو ڕایدەسپێرێت دەسەڵاتی دادوەری کەتنی لە سەپاندنی ئەو سزایانەدا هەیە کە لە یاسادا هاتوون .

**دووەم:** بڕیاری سزای پێبژاردن شیاوی تانە لێدانە بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لەهەرێمی کوردستان .

**ماددەی (٥): چۆنیەتی خەرج کردنی هاندان بۆ فەرمانبەران :**

بەپێی ماددەی (٢٠) لە یاسا ڕێژەی (١٥%) پازدە لە سەدای ئەو گوژمانەی بەپێی حوکمەکانی یاسا وەردەگیرێت ، دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەشی یان هۆبەی (سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان) کار دەکەن و ئەو لایەنانەی کە سەرپێچیەکان لادەدەن ، بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**أ-** پێدانی هاندان بۆ هەر یەک لەو فەرمانبەرانەی کە لە هۆبەی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان کار دەکەن بە بڕێک کە لە (٤٥٠,٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت لە مانگێک .

**ب-** سەبارەت بە فەرمانبەرانی ئەو لایەنانەی کە بەشدار دەبن لە لادانی سەرپێچییەکان ، هاندانیان پێ دەدرێت بە مەرجێک ڕێژەکەی لە (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت لە مانگێک .

**ماددەی (٦):** کار بەهیچ ڕێنماییەک یان بڕیارێکی کارگێری ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت.

**مـــاددەی (٧):** ئەم ڕێنمـــاییە جێبەجـــێ دەکرێـــت لە ڕۆژی بڵاوبـــوونەوەی لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی (وقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار**
**ژمارە:3217 لە 2022/3/17**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی (سەرچنار)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو ، و بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی ژمارە (٤٤٥) لە ٢٠٢١/١/٢٨ بڕیارماندابە:

١- هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی (سەرچنار) بەهۆی فراوان بوونی شاری سلێمانی و بوونی سەرچنار بە گەڕەکێک لە شاری سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٣٥٠ لە ٢٠٢٢/٤/١٠**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێــی ئەو دەســەڵاتەی پێمانــدراوە لە یاســای وەزارەتــی داد ژمــارە (١٣)ی ســاڵی ٢٠٠٧ ، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و باشتر رایکردنی کارەکانی وەزارەت بڕیارماندابە:

١- دانانی لۆگۆی تایبەت بە (وەزارەتی داد) هاوشانی لۆگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجـێ دەکرێـت و لە رۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

١- کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی لە قەزای باتیفا) سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

١- گۆڕینی ناوی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەددین) بۆ (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی پیرمام) لە قەزای پیرمام.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

١- کردنەوەی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کەسنەزان) .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٧٠٣٠ لە ٢٠٢٢/٣/٢٨**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٦٠٦) لە ٢٠٢٢/٣/٢٤ و تایبەت بە گەشتیاران و ڕێکارەکانی گەشتکردن و ئەنجامدانی پشکنینی کۆرۆنا لە فرۆکەخانەکان و دەروازە سنورییەکان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:** پشتبەستن تەنها بە پێشاندانی بڕوانامەی وەرگرتنی ڤاکسینی دژە کۆرۆنا (COVID-19) نێودەوڵەتی کە پشتراستی دەکاتەوە ئەو کەسە کە سەردان دەکات یان گەشت دەکات (هاوڵاتی عێراقی و بیانی ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٢ ساڵ گەورەترە) بە لایەنی کەم یەك ژەم لە ڤاکسینی جۆری (جۆنسون ئاند جۆنسون) یان دوو ژەم لە ڤاکسینەکانی جۆری تر وەرگرتبێت، بێ داواکردنی پشکنینی (PCR)ی نەرێنی (نێگەتیڤ) لە کاتی گەشتکردن یان هاتنە ژوورەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١ جگە لەو کەسانەی کە ڕەوشی تایبەتیان هەیە کە ناکرێت ڤاکسین وەربگرن بەڵام دەبێت ئەم حالەتانە پشتراست کرابێتەوە بە ڕاپۆرتی پزیشکی وە لە لیژنە تەندروستیە تایبەتەکان و هەروەها دەبێت ئەنجامی پشکنینی (PCR)ی نەرێنی (نێگەتیڤ) لە ماوەی (٧٢) کاتژمێر بهێنێت بیسەلمێنیت کە تووشی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبووە.

**دووەم:** پێویستە گشت وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و هەروەها دام و دەزگا ناحکومیەکان بڕیارەکانی لیژنەی باڵا پەیڕەو بکەن و هەروەها پێداچوونەوە بە رەوشی وەرگرتنی ڤاکسین بۆ فەرمانبەرەکانیان بکەن و هەماهەنگ بن لەگەڵ تیمەکانی تەندروستی بۆ پێدانی ڤاکسین بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە لەگەڵ پەیڕەوکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی دژی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناو فەرمانگەکانیان.

**سێیەم:** بەردەوام بوون بە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دام و دەزگاکانی حکومی و ناحکومی و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ پابەندبوونی هاوڵاتیان بە ڕێکارە خۆپارێزیەکان و هاندانیان بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی دژە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە زووترین کات لە نزیکترین سەنتەری پێدانی ڤاکسین.

**چوارەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی ٢٠٢٢/٤/١ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر احمد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٧١٣٧ لە ٢٠٢٢/٣/٢٩**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەیانی هەمواری دووەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوەو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١

دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٦٢) لە ٢٠٢١/٢/١٨ بڵاوکراوەتەوە و بەیانی هەمواری یەکەمی ڕێنماییەکە ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ کە لە ژمارە (٢٧٧)لە ٢٠٢٢/١/٢٠ ڕۆژنامەی سەرەوە بڵاوکراوەتەوە و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣ برگە ١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩.
بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:

**ماددەی (١):**

هەموار کردنەوەی ماددە(١٤ بڕگە ١) لە ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

ماددە (١٤):

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و پێشەنگایانە تا ٢٠٢٢/٤/١٥ خۆیان تۆمار بکەن بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١

**ماددەی (٢):**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی كار وكاروباری كۆمەڵایەتی**
**ژمارە:٢١٤٥ لە ٢٠٢٢/٣/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢)ی لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

١- گۆرینی یەكەی هێلی (١١٦) بۆ هۆبەی هێلی (١١٦) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی سلێمانی / بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتكردنی كەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەو دەڤەرە.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان).

**كوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

- كردنەوەی (هۆبەی تیشك) سەربە بەشی كاروباری هونەری لەدیوانی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٠.

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- كردنەوەی (سەنتەری ئازادی بۆ پزیشكی دەم و ددان) لە نهۆمی سەرەوەی بنكەی تەندروستی ئازادی خێزانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٣.

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- كردنەوەی (هۆبەی مامانی) وە جیاكردنەوەی لە هۆبەی پەرستیاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٦.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتی تەندروستی

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کـردنەوەی (هـۆبەی پشـکنین و دڵنیـایی جـۆری) لە بەڕێـوەبەرایەتی تەندروسـتی ئـاکرێ سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٦.

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (یەکەی کۆنترۆلی پیس بـوون) لە نەخۆشـخانەی ڕزگـاری سـەر بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/٢٨.

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کـردنەوەی (یەکەی دۆسـیەکان) لەدیـوانی بەڕێـوەبەرایەتی تەندروسـتی دەشـتی هەولێـر سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/٢٨.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی بێهۆشکاری) لە نەخۆشـخانەی هیـوا سـەر بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تەندروسـتی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/٢٨.

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

- کـردنەوەی (هـۆبەی نەشـتەرگەری ڕوو و شـەویلاك) لە نەخۆشـخانەی هەولێـری فێرکـاری کە سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٤/٤.

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی هەناوی کتوپڕ) لە نەخۆشخانەی فریـاکەوتنی ڕۆژئـاوا کە سـەر بە بەڕێـوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٤/٤.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٧) لسنة ٢٠٢٢**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١) بتاريخ ٢٠٢٢\٣\١، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون الحفاظ على الوثائق الوطنية في إقليم كوردستان - العراق**

**المادة (١):**
يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:
**أولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان - العراق.
**ثانياً: الوزارة**: وزارة الثقافة والشباب للإقليم.
**ثالثاً: الوزير**: وزير الثقافة والشباب للإقليم.
**رابعاً: المركز**: مركز الوثائق الوطنية للإقليم.
**خامساً: الوثيقة**: تشمل جميع أوعية حفظ المعلومات الورقية والإلكترونية والفوتوغرافية والمخطوطات وكل إبداع قديم وجديد لاحق، والمراسلات والسجلات والخرائط والرسوم التوضيحية والمخططات وكل ما يحتوي على ملكية مثبتة فيه.
**سادساً: الأرشفة**: مجموعة تقنيات وتدابير وأساليب لجمع وحفظ وتنظيم وعرض الوثائق للمنفعة العلمية والعامة.
**سابعاً: الوثيقة العامة**: تشمل الوثائق المتعلقة بنشاطات المؤسسات الرسمية للإقليم، والجهات الخاصة المكلفة بخدمة عامة، والحكومات السابقة للدولة العراقية في كوردستان، والمحكمة الجنائية العراقية العليا، وأي وثيقة في العراق تتعلق بأرض وشعب كوردستان والوثائق الخاصة التي يحصل عليها المركز ويضفي عليها الصفة العامة.
**ثامناً: الوثيقة الخاصة**: هي تلك الوثائق التي ترجع ملكيتها إلى شخص طبيعي أو معنوي وتتضمن خصائص الوثيقة.

**المادة (٢):** يهدف هذا القانون إلى ما يأتي:
**أولاً:** جمع و حفظ وثائق شعب كوردستان بصورة علمية.
**ثانياً:** الحصول على الوثائق الخاصة بالحكومات المتعاقبة للعراق والتي تتعلق بأرض وشعب كوردستان.

**ثالثاً**: الحصول على صور للوثائق الأجنبية المؤرشفة التي تتعلق بتأريخ شعب كوردستان.

**رابعاً**: تنظيم الوثائق لغرض الاستفادة منها كمصدر علمي.

**خامساً**: الحفاظ على وثائق المؤسسات التشريعية والتنفيذية والقضائية والهيئات المستقلة ذات الأهمية التأريخية والعلمية.

**المادة (٣):**

**أولاً**: يؤسس في إقليم كوردستان مركز باسم (مركز الوثائق الوطنية في إقليم كوردستان - العراق)، ويتمتع بالشخصية المعنوية ويرتبط بالوزارة بموجب القانون رقم (١٢) لسنة ٢٠١١، ويكون له فروع في محافظات الإقليم الأخرى.

**ثانياً**: يتولى المركز المهام الآتية:

١- جمع وحفظ وإشراف وتنظيم وتصنيف وأرشفة الوثائق وكيفية الاستفادة منها بموجب أحكام هذا القانون.

٢- إرجاع النسخة الأصلية أو الصورة المستنسخة للوثائق العامة التي هي في خارج الإقليم حالياً.

٣- التنسيق مع الجهات ذات العلاقة لتنفيذ أهداف هذا القانون.

٤- أية مهام أخرى، يكلف بها من قبل المجلس المشكل بموجب المادة (٥) من هذا القانون.

**ثالثاً**: للمركز حصة موازنة خاصة في إطار موازنة الوزارة.

**المادة (٤):**

**أولاً**: للمركز مدير عام، حاصل في الأقل على شهادة البكالوريوس ومن ذوي الاختصاص والخبرة في مجال الأرشفة.

**ثانياً**: يتكون المركز من الأقسام الآتية:

١- قسم الإدارة.

٢- قسم الحسابات.

٣- القسم القانوني.

٤- قسم الأرشيف والتسجيل.

٥- قسم الإعلام والعلاقات.

٦- القسم التكنيكي.

٧- أي قسم آخر، ترى هيئة المركز ضرورة استحداثه بعد موافقة الوزير.

**ثالثاً**: للمركز هيئة إدارية، تتألف من المدير ومسؤولي الأقسام.

**المادة (٥):**

**أولاً**: يشكل مجلس لتنظيم وتخطيط أعمال ونشاطات المركز برئاسة الوزير وعضوية ممثل عن الجهات التالية، بحيث لا تقل درجتهم الوظيفية عن مدير عام:

١- وزارة التربية.

٢- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

٣- وزارة البلديات والسياحة.

٤- وزارة الأوقاف والشؤون الدينية.

٥- وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.

٦- الأكاديمية الكوردية.

٧- دائرة المنظمات غير الحكومية.

٨- المدير العام للمركز.

**ثانياً**: يجتمع المجلس مرة كل (٣) ثلاثة أشهر، وعند الاقتضاء بناء على طلب رئيس المجلس، وله دعوة أي شخص أو جهة أو وزارة يراه ضرورياً للمشاركة في اجتماعاته.

**ثالثاً**: يتولى المجلس المهام الآتية:

١- رسم الخطط العامة للمركز.

٢- وضع إستراتيجية التنسيق بين الجهات ذات العلاقة لغرض جمع وحفظ وأرشفة الوثائق.

**المادة (٦):**

تسلم جميع المؤسسات الرسمية للإقليم الوثائق الخاصة بشؤونها للمركز، مالم تبقى آثارها القانونية للمستقبل.

**المادة (٧):**

**أولاً**: تتم الاستفادة من وثائق المركز للأغراض العلمية بموجب قانون حق الحصول على المعلومات في إقليم كوردستان - العراق رقم (١١) لسنة ٢٠١٣.

**ثانياً**: للهيئة الإدارية للمركز وبموافقة الوزير اعتبار أي وثيقة سرية، للمصلحة العامة، بشرط أن لا يوجد نص قانوني يحول دون ذلك.

**المادة (٨):**

لا يجوز إخراج أية وثيقة مودعة في المركز إلى خارج الإقليم إلا بقرار الوزير وبناءً على اقتراح الهيئة الإدارية للمركز لغرض مشروع ولمدة محددة.

**المادة (٩):**

**أولاً**: على كل مركز أو جهة أو أي شخص طبيعي أو معنوي بحوزته وثيقة خاصة:

١- تسجيلها بالعدد والمقدار والبيانات الصحيحة في المركز خلال مدة (١٨٠) مائة وثمانين يوماً من تأريخ نفاذ هذا القانون.

٢- تسليم نسخة أصلية من الوثائق التأريخية في حالة حيازته لأكثر من نسخة أصلية واحدة، أو صورة مستنسخة في حالة حيازته لنسخة أصلية واحدة، للمركز.

٣- تحمل المسؤولية القانونية للحفاظ على الوثائق والتنسيق مع المركز لغرض الرقابة والإشراف.

**ثانياً**: يلتزم كل شخص، طبيعي أو معنوي، يحوز وثيقة عامة، بإرجاعها إلى المركز، ويمنح مقابل ذلك مكافأة مجزية.

**ثالثاً**: يخير كل شخصية معنوية، تعمل في إطار مؤسسة رسمية غير حكومية أو شبه حكومية في مجال حفظ وأرشفة الوثائق، في أن تصبح فرعاً للمركز بموافقة الوزارة.

**المادة (١٠):**

**أولاً**: لا يجوز بيع أو الاستفادة أو حيازة أية وثيقة خاصة لشخص أجنبي إلا بموافقة المركز.

**ثانياً**: للمركز حق الأولوية عند بيع الوثيقة الخاصة.

**المادة (١١):**

**أولاً**: يعاقب بغرامة لا تقل عن (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار ولا تزيد على (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة وعشرين مليون دينار كل من يخالف أحكام الفقرتين (أولاً) و(ثانياً) من المادة (١٠) من هذا القانون، وعند استمراره على المخالفة تصادر وثائقه.

**ثانياً**: يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (٢) سنتين، وبغرامة لا تقل عن (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرين مليون دينار ولا تزيد على (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) خمسين مليون دينار كل من تعمد في إتلاف وثيقة عامة أو تغييرها أو أخرجها أو ساعد على إخراجها خلافاً لأحكام هذا القانون.

**ثالثاً**: يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (٣) ثلاث سنوات وبغرامة لا تقل عن (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) مائة مليون دينار كل من باع وثيقة عامة.

**رابعاً**: يعاقب بغرامة لا تقل عن (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرين مليون دينار كل من يعمل على تغيير أو تحريف وثيقة خاصة لغرض تشويه مضمونها أو إتلافها، دون احترام حق الملكية بالأولوية للمركز.

**خامساً**: يعاقب بغرامة لا تقل عن (٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة ملايين دينار ولا تزيد على (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار كل من أضر بوثيقة عامة عن طريق الخطأ، ويعاقب بالحبس مدة لا تزيد على (٣) ثلاثة أشهر وبغرامة لا تقل عن (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار إذا أدى الخطأ إلى إتلاف الوثيقة.

**سادساً**: يعد ظرفاً مشدداً إذا ارتكبت المخالفات الواردة في هذه المادة من قبل موظفي المركز.

**سابعاً**: تسري القوانين العقابية النافذة على أي مخالفة أو جريمة لم تحدد لها عقوبة بنص خاص في هذا القانون.

**المادة (١٢):**

تعد الوثيقة العامة ملكاً عاماً بموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (١٣):**

تسري أحكام قانون رسم الطابع النافذ على رسومات تقديم الخدمات في مجال أرشفة الوثائق.

**المادة (١٤):**

على الوزير إصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون

**المادة (١٥):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٦):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٧):**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٦٠) ستين يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

نظراً لعدم وجود مركز وطني للأرشفة، وتبعثر قسم كبير من الوثائق في داخل وخارج إقليم كوردستان وتعرضها لمخاطر الإتلاف، ولغرض الاستفادة من الأرشيف العام والخاص الذي يعد ثروة وطنية وقومية، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٢/٤/١٧**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٦) لسنة ٢٠٢٢**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١) بتاريخ ٢٠٢٢\٣\١، قررنا إصدار:

**القانون رقم (٣) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون التعديل الأول لقانون وزارة الكهرباء**
**في إقليم كوردستان ـ العراق رقم (٦) لسنة ٢٠٢١**

**المادة (١):**

يلغى البند (٣) من الفقرة (ثانياً) من المادة (٨) من القانون، وتضاف فقرة بتسلسل (ثالثاً) إلى المادة، وتقرأ على الوجه الآتي:

ثالثاً: تنظم مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**المادة (٢):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٣):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٤):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لغرض تعيين الجهة المختصة بتحديد مهام واختصاصات تشكيلات وزارة الكهرباء في الإقليم، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٢/٣/٣٠**